# (ڕۆمیۆ و جولییێت)ی فازڵ جاف: کێڵکردنەوە بەڵای خۆشەویستیدا، لە یارییەکی میتاشانۆییدا

**عەواد عەلی (١)**
**لە عەرەبییەوە: لوقمان باپیر**

لـە سـەرچڵییەکدا، کـە بـێ سـەرەڕۆیی نییـە، (دوکتـۆر فـازڵ جـاف)ی دەرهێنــەر و ڕاهێنــەر و توێـژەر، شـانۆگەریی «ڕۆمیـۆ و جولییێـت»ی، کـە تۆمـاس میلگرینـی نووسـەری سویدی لـە دەقەکـەی ولیـەم شەکسپیری ئامادەکردووە، تەرجەمـەی کوردی کـردووە و بـە بەشـداریی ژمارەیـەک مامۆسـتای پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانی سلێمانی و ژمارەیـەک قوتابییش، بۆ تیپی شانۆیی ئاراراتـی دەرهێنـاوە و بە خەرجیدانی دامـەزراوەی ڕۆشنبیری و خێرخوازیی «کەریمی ئەلەکـە»، لەسـەر شانۆی ڕۆشنبیری، لـە سلێمانی پێشکەشی کرد. نواندنەکەیش، یازدە ڕۆژی خایانـد و دەشـکرا، بـە ئامادەبوونـی جەماوەرێکـی نموونەیـی و پابەنـد لـە وەرگرتنـدا، مانگێک بـەردەوام بێ، ئاخـر مـن لـە کاتـی دیتنـی نواندنەکـە، لـە ڕۆژی دەیـەم، بەدرێژایی مـاوەی پێشکەشکردنی شانۆییەکە «سـەعاتێک و چـل دەقیقـە» گوێـم لـە سـرتە و خورتەیەکیـش نەبـوو.

بێگومان، ئامادەکردنەکە دەقە ڕەسـەنەکەی شەکسپیری چڕ کردبووەوە و بێ ئـەوەی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە، یان تیمـەی شانۆییەکە لاسـەنگ بکا، کەسایەتییەکانی کـەم کردبـووەوە، بگـرە سـەرباری ئـەوەش نەریتـە باوەکانـی شـانۆی شەکسپیریی پاراسـتبوو.

### ناوەڕۆکە هەقایەتییەکە

بێگومـان، ناوەڕۆکـە هەقایەتییەکـەی «ڕۆمیـۆ و جولییێـت» لای هەمـوو ئـەو کەسـانەی دنیـا ئاشـنایە کـە گرنگـی بـە شـانۆ دەدەن. ئـەو کارە هونەرییانـەی بەشـێکیان لـەو شـانۆییە وەرگرتـووە، یـان تیمـەی کارەکانیـان لـەو شـانۆییە وەرگرتـووە، یـان لـە ژێـر کاریگەرییـدا بووینـە، بـە درێژایی چـوار سـەدە و بـە جۆرەکانـی هونەریـش، هـەر بەردەوامـن «نواندنـی شـانۆیی، سـەما، شانۆی گۆرانی، هونەری شـێوەکاری و سینەمایی». ئـەو کارانـەش بـە تێڕوانینـی جیـاواز و شـێوازی کلاسـیکی و نوێخـوازی و ئەزموونگـەری و بـە گوێـرەی تێڕوانینـی بەرهەمهێنــەر و دەرهێنــەران جێبەجـێ کـراون، جا ئەگـەر ئەوە نیشـانەی شـتێکیش بێ، ئـەوە نیشـانەی سـەرکەوتنی شـانۆگەرییەکەیە و دەیسـەلمێنێ هەرچەنـدی دنیـاش بگـۆڕێ، سروشـتی مـرۆڤ ناگـۆڕێ، تـا ئێسـتاش ڕۆمانسـییەت کاری تێـدەکات، ململانـێ و دوژمنداریـی نێـوان دەسـتە و

تاقمە جیاوازەکانی خەڵک لە هەموو جێیەکی دنیاش کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە. دەڵێن ژمارەی ئەو فیلمە تۆڤلییانەی لەو شانۆییە وەرگیراون لە سەد فیلمی بواردووە و ئۆپێرایەکانیش بیست و چوار دانەن و پتر لە دە نواندنی بالێیشی لێ وەرگیراوە، بەناوبانگترین بالێیشیان ئەو بالێیەیە کە برۆکۆفیەڤی موزیسیانی رووسی دایناوە، بەڵام بەناوبانگترین سیمفۆنیا لەو شانۆییە وەرگیرابێ، (چایکۆفسکی)ی موزیسیان دایناوە.

(فازڵ جاف)ی دەرهێنەریش، سەرباری هەندێک برگەی سەمفۆنیاکانی مۆزارت و چۆستاکۆڤیچ لە دیمەنەکانی سەما و سەرترنجانێ (٢) و مۆسیقای وێنەیی، زۆر وەستایانە چەندان برگەی ئەو دوو کارەی بەکارهێناوە.

ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە لە سەدەی چواردە، یان پازدەی شاری «ڤێرۆنا»ی ئیتالی لەگەڕدایە، کە ململانێیەکی توندی نێوان دوو خانەوادەی بەناوبانگی تێدا بەرپایە، ئەوانیش خانەوادەی «مۆنتاگیۆ» و «کاپیۆلێت»ن. لاوێکی هەرزەکاری خانەوادەی «مۆنتاگیۆ»ی تەمەن شازدەساڵی ناوی «رۆمیۆ»یە «ڕەوەند ئەحمەد ڕۆڵەکەی دەگێڕا» بەخۆدا ڕادەپەرموێ و بە هاوڕێیەتیی «بینفۆلیۆ»ی هاوڕێی بەخۆ و بە دوو ماسکی لەبەریان کردووە، بە دزییەوە دەچێتە ئاهەنگێکی خانەوادەی «کاپۆلێت»ی نەیاری خانەوادەکەی کوڕەی سازیان کردووە. بۆ ئەوەش چووە تا چاو لەناو کچە شۆخەکان بگێڕێ و دانەیەکیان هەڵبژێرێ تا خۆشەویستیی «ڕۆزالین»ی لەبیر بباتەوە، ئیدی بە ڕێکەوت چاوی دەکەوێتە سەر «جولیێت»ی کچی لۆرد «کاپۆلێت»ی تەمەنی سێزدە بەهارە «تێشوو نامیق ڕۆڵەکەی گێڕاوە»، کە خانەوادەکەی پلانی ئەوەی بۆ دادەنێن شوو بە کۆنت «پاریس» بکا «شانیار حەمە هۆشمەن ڕۆڵەکەی گێڕاوە»، کە لە خانەوادەی فەرمانڕەوای



د. فازڵ جاف

شارە. کچە و کوڕە سەرنجان دەگۆڕنەوە، ئەوجا سڵاو لەیەکدی دەکەن و دەست بە قسان دەکەن. لە چەند چرکەیەکی کەمدا، ئیدی هەردووکیان هەست بە بوونی خەڵکەکە ناکەن و دەکەونە دنیایەکی تایبەت بە خۆیان، درکیش بەوە دەکەن ئەوەی کۆیان دەکاتەوە خۆشەویستییە قووڵەکە و چارەنووسە هاوبەشەکەیە، بەڵام «تیبۆلیت»، «کە شڤان خزر ڕۆڵەکەی گێڕاوە» ئامۆزای «جولیێت»، بەوە دەزانێ «ڕۆمیۆ»ی کوڕی خانەوادە نەیارەکەیان لە ئاهەنگەکەیە، ئیدی دەیەوێ بیکوژێ، کەچی لۆرد «کاپۆلێت»ی باوکی «جولیێت»، «کەمال عەلی ڕۆڵەکەی دەگێڕێ» ڕێی لێ دەگرێ، نەوەکا شەڕێک لە ماڵەکەی و بە بەرچاوی ئامادەبووانەوە، کە لە گەورەکانی خەڵکەکەن، ڕووبدا، ئیدی هەردوو ئاشقە هەرزەکارەکە لای پەنجەرەی کۆشکەکە یەکدی دەبینن و بڕیاری زەماوەند دەدەن و لەوەشدا سەردەکەون کە ڕۆژی دواتر بە دزییەوە مارەبڕین بکەن و ئەوەش لەسەر دەستی «لۆرنزۆ»ی کەشیش «هونەر حەسەن ڕۆڵەکەی دەگێڕێ» دەکرێ.

شەڕێکی شمشێربازی، سەرترنجانێ، لە نێوان «مەرکیشیۆ»ی هاوڕێی ئازیزی ڕۆمیۆ و «محەمەد

هۆشـیار ڕۆڵەکـەی دەگێـڕێ» تیبۆلیـت ڕوودەدا. کـە ڕۆمیـۆ هـەوڵ دەدا لێنەگـەڕێ برادەرەکـەی ئـەو شـەڕە بـکا، تیبۆلیـت هەلەکـە دەقۆزێتـەوە و شمشـێرێک لـە مەرکیشـیۆ دەدا و لـە باوەشـی ڕۆمیـۆ گیـان دەسـپێرێ. ڕۆمیـۆ لـەو کارە سەرسـام دەبـێ، ئیـدی مەیـدان لـە تیبۆلیـت دەگـرێ و دوای شـەڕێکی گـەرم و گـران دەیکـوژێ.

لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا، فەرمانـڕەوای شـار، یـان والـی « کۆڵـی حەسـەن ڕۆڵەکـەی دەگێـڕێ»، فەرمـان دەکا ڕۆمیـۆ شـاربەدەر بکـرێ و دووربخرێتـەوە، بـەڵام لۆرینـزۆی کەشـیش پلانێکـی ئاڵـۆز بـۆ جولییێـت پێشـنیار دەکا تـا بگاتـە لای خۆشەویسـتەکەی، ئەویـش ئەوەیـە جولییێـت دەرمانێکـی بێهۆشـکەری ئەوتـۆ بخـوا بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو وابزانـن مـردووە، تا بـەو کارەش بەبـووک بردنـی بـۆ کۆنـت هەڵوەشـێتەوە و سـەرنەگرێ، بـەڵام کـە ناکـرێ نامەیەکـی کەشیشـەکە بگەیەنرێتـە دەسـت ڕۆمیـۆ، ئیـدی پلانەکـە شکسـت دەخـوا، ئەودەمـی کارەکـەش ئاڵۆزتـر دەبـێ کـە «بەڵتـەزار»ی خزمەتـکار بـە ڕۆمیـۆ دەڵـێ جولییێـت مـردووە، ئیـدی سوێند دەخـوا کـە دەبـێ جەسـتەی ئەویـش بـە مردوویی بچێتـە تەنیشـت جەسـتەی جولییێـت.

کاتێکیـش کۆنـت دەچێتـە ئـەو جێی تەرمـی جولییێتی لـێ ڕاکشـاوە، تـا پرسـەداریی خـۆی ڕاگەیەنـێ، لـەوێ بـەرەو ڕووی ڕۆمیـۆ دەبێتـەوە و دەبێتـە شـەڕیان و ڕۆمیـۆ دەیکوژێـت، پاشـانیش ژەهـر دەخواتـەوە تـا لەتـەک جولییێتـدا بمرێ. ئەوجا «لۆرانس»ی کەشـیش دەگاتـە شـوێنەکە و دەبینـێ ڕۆمیـۆ مـردووە، جولییێت لـە بێهۆشـییەکەی وەئـاگا دێتـەوە، کـە دەشـبینێ ڕۆمیـۆ لـە تەنیشـتی خـۆی کوشـتووە، خەنجەرێـک لەبـەر پشـتی ڕۆمیـۆی هەڵدەکێشـێ و بـە تونـدی لـە هەنـاوی خـۆی دەدا، لێـرەدا شـانۆگەرییەکە دەگاتـە چلەپۆپـەی تراژیدیـا. دواتـر، هەمـووان دێنـە شـوێن مەزارەکـە، تـا بـە چـاوی خۆیـان ئـەو کارەساتە ببینـن، کـە ڕووی داوە. کەشیشـەکە، هەمـوو سـەربردەکەیان بۆ دەگێڕێتـەوە، ئیـدی دوو خانـەوادە دوژمندارەکـە ئاشـت دەبنـەوە و بڕیـار دەدەن دوو پەیکـەری گـەورەی زێـڕ بـۆ ڕۆمیـۆ و جولییێـت دروسـت بکـەن، تـا ناویـان لـە شـارەکەدا بـە نەمـری بمێنێتـەوە و تـا هـەردەم لەبیریان بـێ، واتـە دوو خانەوادەکـە لەبیریـان بـێ، کـە ئـەوان هـۆکاری مردنـی ئـەو دوو خۆشەویسـتە بوونـە و ئـەو دووەش بـوون ململانێی نێـوان ئـەو دوو خانەوادەیەیـان چارەسـەر کـرد، لـە کاتێکـدا یاسـا نەیتوانـی ئاشـتیان بکاتـەوە.

**خستنەبری**

دەکـرێ ئـەوڕۆ، ئـەو ململانێیـە، وەک لێکدانەوەیـەک، بخەینـە جێی ئـەو ململانێیانـەی لە نێوان لایەنە سیاسـی و کۆمەڵگەییەکانـدا هـەن «حـزب و عەشـیرەت و دەسـتە و تاقمـە ئیتنـی و ئایینـی و مەزەبییـەکان»، خوێندنـەوە ڕەخنەییەکانیشـم، لـە تێڕوانینـی ڕۆشـنبیرییەوە، بـەو لایەیـدا کێـل دەبنـەوە کـە هەڵبژاردنـی فـازڵ جـاف بـۆ دەقـی شەکسـپیر، ئـەو لەبـری دانـان و جێکەوتەیـەی لـە هەناویـدا هەڵگرتـووە، چونکـە کۆمەڵگـەی کوردییـش، وەک هـەر کۆمەڵگەیەکـی دیکـە، ململانـێ و دژبەرییەکانـی نێـوان چەنـدان لایەنـی تێـدا شـەپۆلە دەکات، بۆیـە پێشکەشـکردنی شـانۆگەرییەکە نامەیەکـە و داوای وەلانانـی ئـەو ململانێیانـە دەکات و داواش دەکات خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتییان لـە جـێ دابنـرێ، جا ئەو پەیکـەرەی (ڕۆمیـۆ و جولییێـت)ی لـە سـەرەوەی بەشـی پشـتەوەی تەختـەی شـانۆدا لـە دیمەنێکـی زینـدوو کۆکـردەوە و بـە ڕەنگـی شـین داپۆشـرابوو، بووبـووە لووتکـەی ئـەو نامەیـە و دیمەنەکـەی «ژاک» و «ڕۆز»ی بەرایـی کەشـتیی تایتانیکـی فیلمـە نۆڤلێتییەکـەی بەبیـر دێنایـنـەوە کـە هەمـان ناوونیشـانی کەشـتییەکەی هەڵگرتبـوو، ئـەو دیمەنـە شـانۆییەیش لەسـەر هەمـان سووسـە و سـۆزی ئـاوازی گۆرانییەکـەی سـیلۆن دیـۆن

بـوو، بـەڵام بـە هەمـان فـۆرم و شـێوە نـا. ڕەنگـی شینیش، لـە هەمـوو ئـەو دیمەنانـەدا درێـژ دەبوونـەوە، کـە ڕۆمیـۆ و جولیێـت تێیانـدا ژوانیـان هەبووایـە، ئاسـۆی شـانۆیەکەی، وەک نیشـانەیەکی ڕەمزیـی سووسـەی خۆشەویستیی ئاسـۆیەکی کراوەی دەدا، بـەو ڕەنگـە دادەگـرت. پێچەوانـەی ئـەوەش، ڕەنگـی سـوور بە دەلالەتـە خوێناوییەکەی، کە لە دیمەنەکانی سـەرترنجانێ و مـەرگ و کوشـتندا شـانۆی دادەگـرت. شـوان محەمـەد سـەعیدی دیزاینـەری ڕووناکـی و جێبەجێـکاری، لـەو کارەیـدا سـەرکەوتوو بـووە، سـەرباری ئـەوەی هۆڵەکـە لـە ڕووی تەکنیکییـەوە پێویسـتی ڕووناکییەکـی گونجـاو و دەسـتکورتە، کەچـی شـوان توانیـی ئـەو سووسـە و ئیحایانـەی دەربخـات.

## بەشانۆکردن و میتاشانۆ

فـازڵ جـاف، خـۆ لـە قەرەدانـی دەرهێنانەکـەی بـۆ «ڕۆمیـۆ و جولیێـت» لـە ڕێوانێکـی هونەرییـەوە داڕشـتووە، کـە پێـی دەگوتـرێ «شـانۆکاری»، یـان «بـە شـانۆکردن» (Theatricalization/ Theatricality)، لـەو چوارچێوەیەشـدایە کـە پێـی دەگوتـرێ «میتاشـانۆ» (Metatheatre)، یـان «شـانۆی ڕەنگدانەوەیـی». ڕواڵـەت نواندنەکانـی «شـانۆکاری» لـەوەدا خـۆ دەنوێنـێ کـە دەرهێنـەر دووپاتـی دەکاتـەوە شـانۆ تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، ئـەوەش بـە ئاشـکرا بـە شـانۆکردنە، نـەک بـە شـاراوەیی، چونکـە یـاری دەبێتـە ژێرخانـی نوانـدن. ئـەو شـانۆکارییەش لەگـەڵ «میتاشـانۆ»دا پێکدادەچن تـا وەرگـر لـە میکانیزمەکانـی ئاگادار بکاتـەوە، وەک ئەزموونەکانـی «شـانۆ لەنـاو شـانۆدا» و شـانۆی داسـتانی، واتـە لەجیاتیی ئـەوەی لـە ژێـر ماسـکێکی وەهمیـدا بیشـارێتەوە، دەیخاتـە سـەر شـێوازی خـودی یاریـی شـانۆیی، چونکـە ئـەو یارییـە وەهمـکاری تێکدەشـکێنێ، نـەک بێ و بیکاتـە بۆچوونێکی تایبەتی سروشـتی ئـەو واقیعـە زینـدووەی وەرگـر هەیەتـی، یـان هەواڵـەی هـەر بۆچوونێکـی میتافیزیکیـی دیکـەی بـکات. هـەر لەگـەڵ سـەرەتای نواندنـە شـانۆییەکەش ئـەو شـێوازە دەرکـەوت، ئەکتـەرەکان ڕایدەگەیەنـن کـە ئـەوان هاتـوون تراژیدیـای هـەردوو ئاشـق، ڕۆمیـۆ و جولیێـت بنوێنـن.

شـانۆکارییش لـە ئـەدای جەسـتەیی شـێوازییەوە و لـە دیمەنەکانـی سـەرترنجانێ و ململانێی کەسـە نەیارەکانی یەکـدی و جووڵـە کۆریۆگرافییەکانـدا ڕوون دەبێتـەوە (ڕاهێنانـی گـۆڕان سـەرگەڵوویی)»، ئـەو جووڵـە و بزاوتانـە لـە ژێـر کاریگەریـی جـۆرە ڕەنگوڕواژایەکـی مەرجیـی ڕیتمیـی ئەوتـۆن، وەک مایەرهولـد لـە ڕێچکـە شـانۆییەکەیدا دووپاتـی دەکاتـەوە، جووڵـەکان لـە واقیـع دادەکەلێـن. ئـەو ڕێچکەیـەی فـازڵ جـاف لەڕێـی ئـەو تێـزی دوکتۆرایـەی دەربـارەی ئـەو ڕێچکەیـەی نووسـیوە، تێیـدا تایبەتمەنـد بـووە، کـە لـە کتێبێکـدا بـە ناوونیشـانی «فیزیـای جەسـتە : مایەرهولـد شـانۆی جووڵـە و ڕیتـم» بـڵاوی کردووەتـەوە.

## سینۆگرافیا

لـەو شـانۆییەدا، سـینۆگرافیایەکی برگەیـی دەسـتپێوەگیراو هەبـوو «دیزاینـی شـیراز عەزیـز»، لـە ناویشـیدا جلوبـەرگ «دیزاینـی ئەڤیـن غەریـب»، کە بۆ ژینگـەی نواندنەکـە گونجاو بـوو، ئەو سینۆگرافیایەش، جارێـک لـەلای ڕاسـتی شـانۆ، بەشـی لاتەنیشـتی کۆشـکەکەی لـۆرد «کاپۆلێـت» بەرجەسـتەدەبێ، کـە تێیـدا ئـەو بانیژەیـە دەردەکـەوێ ڕۆمیـۆ پێیـدا هەڵدەگـەڕێ و ئـەو پەنجەرەیـەش کـە جولیێـت تێیـدا دەردەکـەوێ. جارێکـی دیکـەش، لـە بەشـی بەرانبـەری بەرجەسـتە دەبـێ، کـە ئاهەنـگ و دیمەنەکانـی تایبـەت بـە خانـەوادەی (جولیێـت)ی تێـدا بەڕێوەدەچـێ. لـە لای چەپیـش برگـەی مـاڵ، یـان خەڵوەتگـەی (لۆرانـس)ی کەشـیش هەیـە. لـە هەمـوو دیمەنەکانـی،

لەو فەزایەدا بەڕێوەدەچن، ئەکتەرەکان بە نواندنێکی شانۆیی و لەبەردەم وەرگران پێکهاتەکانی دیکۆرەکە دەجووڵێنن و دەیانگوێزنەوە جێی دیکە، هەرچی ناوەڕاستی شانۆیە، بۆ ئەو دیمەنانە تەرخان کراوە، کە لە شەقام و گۆڕستان بەڕێوەدەچن.

لە کۆتاییشدا، جارێکی دیکە پیادەکردنی «میتاشانۆ» لەسەر زاری ئەکتەرەکان دووپات دەکرێتەوە، ئەوەش کاتێ پێش سڵاو کردن، بۆ دەرخستنی شێوازی یاریی نواندنەکەی گرتبووەوە و قووڵبوونەوەیەک بوو بۆ شکاندنی وەهمکاری، ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ دابەش دەبن.

## نواندن

زۆربەی ئەکتەرەکان، لە نواندنی کەسایەتییەکان و تێگەیشتنی ڕەهەندەکانیان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێچکە مەرجییەی دەرهێنەر پشتی پێ بەستبوو، ئارامییان پێوە دیاربوو. تۆیشوو نامیق، لە نواندنی ڕۆڵی کەسایەتیی (جولییێت)دا لێوڕێژی ناسکی و ڕۆمانسییەت بوو، ڕەوەند ئەحمەدیش بە جورئەت و توندوتۆڵی خۆشەویستییە کڵپە سەندووەکەی بوو، و (کەمال عەلی)یش عەقڵانییەکی توندی ڕۆڵی لۆرد کاپولێت بوو، هێرۆ سەباحی لە جووڵە و ئاماژەکانی ڕۆڵی دایکی (جولییێت)دا ئامادەییەکی ئۆروستوکراتیی هەبوو، شاناز محەمەدی ڕۆڵی دایەنی هەبوو، قووڵی و هەمەجۆریی شیرینکاریی پێوە دیاربوو. هونەر حەسەن، لە نواندنی ڕۆڵی لۆرنزۆی کەشیشدا، سەنگین و دانا بوو. ئەکتەرەکانی دیکەیش کە ڕۆڵی کەسایەتییە ناسراوەکانیان بە ناو بینیوە : شڤان خزر «تیبالت»، کولی حەسەن « والی» ژیلوان لوقمان «بنفیلیۆ» محەمەد هۆشیار «مەرکیشیۆ»، شانیار حەمە هۆشمەن «باریس»، گۆران عوسمان «باوکی ڕۆمیۆ» شانۆ وسوو «دایکی ڕۆمیۆ»، لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی دیکەی ڕۆڵی کۆرس و کەسایەتیی لاوەکیی سەر بە هەردوو خانەوادەکەیان دیتووە : کامۆ بەرزان، ڕاڤین عەلی ڕابیار، سان عەبەڕەش، مریەم زیاد، مەیسەم زیاد، لاری قەزاز، مریەم سەردار و نانی ئاودێر.

بەهرەی ئەو ئەکتەرانە هاریکاری پێشکەشکردنی شانۆیەکی وردبوون، بە سەرکردایەتیی دەرهێنەرێکی خاوەن توانایی و شارەزاییەکی پڕ زانیاری و پراکتیکی نواندنی شانۆیی و خاوەن خەیاڵێکی بە برشت و تێڕوانینێکی فیکری و هونەریی هاوئاوازی گیانی سەردەم و دینامیکییەکانی ململانێیەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەڕێوەی دەبەن. دینامیکییەکی، بێ لەبەرگرتنەوە، لە ڕووی سووسەکردنەوە بەسەر واقیعدا کراوەتەوە . دیسان دەیڵێمەوە، ئەو تاقیکردنەوەیەی لە دەرهێنانی دەقێکی شەکسپیر «ڕۆمیۆ و جولییێت»، سەرچڵییەکە و خاڵی نییە لە سەرەڕۆییکردن لەگەڵ ٢٢ ئەکتەری نێر و مێی پیشەگەر و چاوەڕانیی دواڕۆژێکی باشیان لێ دەکرێ، پرۆڤە و ڕاهێنان لەگەڵیاندا سێ مانگی خایاندووە، تیمێکی تەکنیکیی گەورەش، کە سەرکردایەتی کردنیان لە بارودۆخێکی، بەلانی کەم دەکرێ بڵێین پڕ تەنگژەیە، ئاسان نییە، بەڵام هەموو ئەوانە بازووی (فازڵ جاف)یان شل نەکرد و ملەکردنیان لاواز نەکرد، نواندنێکی شەنگی لە ڕووی جوانی و دەلالەتەوە پێشکەش کرد، کە دەبێتە نیشانەیەکی ڕۆشن و جیاکەرەوە لە تۆماری شانۆی کوردیدا.

**پەراوێز:**

**(١) ڕەخنەگرێکی شانۆیی عێراقییە.**

**(٢) سەرترنجانێ: شمشێر بازی، شەڕە شیر.**

**سەرچاوە:**

**مجلة كوردستان بالعربي، العدد ٦/ أغسطس ٢٠٢٤، اربيل، كوردستان العراق.**